حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین
نوسینگەی سەرۆکی زانکۆ

حكومة آقليم كردستان- العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي و البحث العلمى
رئاسة جامعة رابرين
مكتب رئيس الجامعة

UNIVERSITY OF RAPARIN

University of Raparin / Presidency of University of Raparin
**Office of University President**

ژمارە : ٨١٤ نوسینگە ٢٩/ ڕەشەمێ /٢٧١٦ی کوردی ٢٠١٧/٣/٢٠ ی زاینی

## فەرمانی زانکۆیی

## بابەت/ ڕێنمایی و پاداشت

سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕین
الصادرة
رئاسة جامعة راپەرين

ئامـاژە بـە کۆنووسـی کۆبونـەوەی داونزەمینـی ئەنجومـەنی زانکـۆ لـە بـەرواری ٢٠١٧/٣/١٣ تەوەرەی دووەم/ کاروباری زانستی/ برگەی (٣).

بڕیارماندا کە:

لـە مـەولا کـار بـە ڕێنمـایی هـاوپێچ بکرێـت بـۆ دانـانی کتێـب و وەرگێـران و بەشداریکردن لـە کۆنفرانسە زانستیەکان بە توێژینەوە و بەهەمان ڕێنمایش پاداشت دەکرێن.

پ.ی.د.موفق خالد ابراهيم
سەرۆکی زانکۆ(بە وەکالەت)

وێنەیەک بۆ:

- ✓ نوسینگەی سەرۆکی زانکۆ.
- ✓ نوسینگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری کارگێری و دارایی.
- ✓ نوسینگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری زانستی و خوێندنی باڵا .
- ✓ نوسینگەی یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ بۆ کاروباری خوێندکاران.
- ✓ گشت کۆلێژەکان + بەشەکانی (باخداری + سامانی ئاژەل + ئەندازیاری شارستانی).
- ✓ گشت بەڕێوەبەرایەتیەکان .
- ✓ دەرچوو.

Araz Qader

General Street
Rania / Al-Sulaimania
Kurdistan Region – Iraq
http://www.raparinuni.org
oup@raparinuni.org
: +964 (0) 7480191406
شەقامی گشی
ڕانیە - سلێمانی
هەرێمی کوردستان- عێراق

# ڕێنمایی سەنتەری توێژینەوە بۆ دانان و وەرگێڕانی کتێب و بەشداریکردن لە کۆنفرانس بە توێژینەوە

آ-دانان و وەرگێڕانی کتێب:

یەکەم: (ڕێنمایە زانستییەکان)

١-دەبێت دانەر خاوەن توانا و ئاستی زانستی و پەروەردەیی بەرزبێت و هەڵگری پلەی زانستی پرۆفیسۆر، پرۆفیسۆری یاریدەدەربێت، مامۆستا و مامۆستای یاریدەدەر تەنها دەتوانن لەگەڵ پلەی پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر هاوبەشی بکەن، بەڵام بۆ وەرگێڕان، مامۆستای یاریدەدەر دەتوانێت لەگەڵ هەڵگری پلەی مامۆستا و بەرزتر هاوبەشی بکات.

٢-ئەگەر دانەر تەنیابوو دەبێت سێ سەرچاوەی بڵاوکراوەی تایبەتی خۆی لەبواری تایبەتی کتێبەکە وەك سەرچاوە بەکار بهێنێت وە ئاماژەی پێکرابێت لەناو کتێبەکە. بۆ دانانی هاوبەش دەبێت دوو سەرچاوەی بڵاوکراوەی باوەڕپێکراو هەریەك لە بەشداران لەبواری بابەتی کتێبەکە وەك سەرچاوە بەکاربهێنێت وە ئاماژەی پێکرابێت لەناو کتێبەکە. لەهەردوو ئەم خاڵانەدا پێویستە دانەر بواری پسپۆڕی خۆی بێت.

٣-بۆ هەر کتێبێك نابێت ژمارەی دانەران یان وەرگێڕان لە سێ ئەندام زیاتر بێت، وە پێویستە یەکێك لە دانەران یان وەرگێڕان بەلای کەمەوە لەسەر میلاکی زانکۆی ڕاپەڕین بێت.

٤-سەرەتا دەبێت دانەر یان وەرگێڕ داواکاری بە دانان یان وەرگێڕان لەگەڵ ناوەڕۆکی کتێبەکە (محتويات یان پێرست) پێشکەش بە بەشی زانستی بکات و لەلایەن بەشەوە تاوتوێ بکرێت،.دواتر بەش پێشنیاری خۆی سەبارەت بە کتێبەکە بۆ سەنتەری توێژینەوە لەڕێگای ڕاگرایەتی کۆلێژەوە بەرزدەکاتەوە بۆ دەرکردنی فەرمانی زانکۆیی لەلایەن سەرۆکی زانکۆ، بەڵام ئەگەر دانەر یان وەرگێڕ لەسەر میلاکی زانکۆی ڕاپەڕین بێت و بەشی زانستی نەبێت، لەوکاتەدا دەتوانێت ڕاستەوخۆ داواکاری بە دانان یان وەرگێڕان لەگەڵ ناوەڕۆکی کتێبەکە ئاڕاستەی سەنتەری توێژینەوە بکات.

٥-پاش دەرچوونی فەرمانی زانکۆیی بە دانان یان وەرگێڕان، پێویستە (٣) کۆپی کتێبەکە بە چاپکراوی لەگەڵ کۆپییەك لەناو (CD) لەڕێگای لیژنەی زانستی بەش

زانکۆی ڕاپەڕین
سەنتەری توێژینەوەی زانستی

و ئەنجومەنی کۆلێژ بۆ سەنتەری توێژینەوەی زانستی بەرزبکریتەوە بۆ ئەنجامدانی کاری پێویست.

٦-سەبارەت بە وەرگێران، دەبێت دوا چاپی کتێبی کە وەردەگێردرێت لە ٥ ساڵ زیاتر نەبێت.

٧-نابێت کتێبە دانراوەکە و وەرگێردراوەکە لە جێگەیەکی تر بڵاوکرابێتەوە.

٨-دانەر مافی ئەوەی هەیە بۆ جاری دووەم کتێبەکە چاپکاتەوە بەم دوو مەرجەی خوارەوە:

آ- بەرێژەی زیاتر لە ٢٥٪ گۆرانکاری بەسەر ناوەرۆکی کتێبەکەدا کرابێت وە پێنج ساڵ بەسەر یەکەم چاپدا تێپەر بووبێت.

ب- دەبێت مامەڵەی نوێی بۆ بکرێت بۆ هەڵسەنگاندن و بەدەست هێنانی رەزامەندی زانکۆ.

٩-ئەگەر کتێبەکە لەچەند بەش (جزء Volume) پێکهاتبێت، هەر بەشێك وەك کتێبێکی سەربەخۆ مامەڵەی زانستی و هەڵسەنگاندن و دارایی لەگەڵدا دەکرێت. وە هەر بەشێك لە ١٠٠ لاپەرە کەمتر نەبێت.

١٠-دوای تێپەربوونی ٥ ساڵ بەسەر چاپکردنی لەلایەن زانکۆ، دانەر و وەرگێر مافی چاپکردنەوەی کتێبەکەیان دەبێت دوای ئاگادارکردنی سەنتەری توێژینەوەی زانستی.

١١-دەبێت دەستەواژەی (لەسەر ئەرکی زانکۆی راپەرین چاپکراوە) لە شوێنێکی بەرچاو لە بەرگی کتێبەکە بنوسرێت لەگەڵ ئارمی زنکۆ.

١٢-مۆڵەتی پێدراو بۆ چاپکردنی کتێبەکە یەك ساڵە لە بەرواری فەرمانی زانکۆیی و دەکوێ، وە بەپێی پێویست ماوەی شەش مانگی تری بۆ درێژ بکرێتەوە.

دووەم: رێنمایی هەڵسەنگاندن:

١-دەبێت نهێنی پرۆسەی هەڵسەنگاندن لەلایەن سەنتەری توێژینەوە بپارێزرێت.

زانکۆی راپەرین
سەنتەری توێژینەوەی زانستی

٢-هەموو کتێبێکی دانان یان وەرگێران دەبێت بەدواداچوونی زمانەوانی بۆ بکرێت لەلایەن پسپۆڕێك بە پلەی پرۆفیسۆر یان پرفیسۆری یاریدەدەر.

٣-هەموو دانانێك لە کتێبەکان یان وەرگێران بەدواداچوونی زانستی بۆ دەکرێت. بەدواداچوونی زانستی لەلایەن دوو پسپۆر لەهەمان بواری زانستی کتێبەکە دەکرێت، ئەگەر بیروڕا و پلەی هەڵسەنگاندنی هەردوو هەڵسەنگێنەر جیاوازبوون، ئەوا پسپۆڕێکیتر ڕای وەردەگیرێت بۆ وەرگرتنی بڕیاری کۆتایی.

٤-هەردوو,هەڵسەنگێنەری زانستی لە پلەی پرۆفیسۆر یان پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نەبێت.

٥-هەڵسەنگێنەر لەماوەی ٣ مانگ پێویستە هەڵسەنگاندنەکەی ئەنجام بدات بە پێچەوانەوە کتێبەکە دەنێردرێت بۆ هەڵسەنگێنەرێکی تر.

٦-دانەر یان وەرگێڕ دەبێت لەماوەی دوو مانگدا پێشنیارەکان بۆ چاککردنی ئەنجام بدات، بە پێچەوانەوە فەرمانی زانکۆییەکەی هەڵدەوەشێتەوە، بۆی نییە جارێکیتر داواکاری پێشکەش بکات.

سێیەم: ڕێنماییە داراییەکان:

١-پاداشتی هەڵسەنگێنەری زانستی ٣٠٠ هەزار دینار، وە پاداشتی هەڵسەنگێنەری زمانەوانی (١٥٠) هەزار دیناری عێراقی یە.

٢-پاداشتی دانەر بۆ هەر لاپەڕەیەك لە (٢٥٠) وشە کەمتر نەبێت ٥٠٠٠ دیناری عێراقی دەبێت. وە پاداشتی وەرگێڕ بۆ هەر لاپەڕەیەك کە لە (٢٥٠) وشە کەمتر نەبێت ٢٠٠٠ دیناری عێراقی دەبێت.

٣-هاوکێشەکان بە دێڕ هەژمار دەکرێن.

٤-وێنەکان نەخشە و هێڵکارییەکان بە لاپەڕە هەژمار دەکرێن، بەمەرجێك لە ١٥٪ کتێبەکە زیاتر نەبێت.

٥-پێرست و لاپەڕەکانی سەرچاوە بە پەڕە هەژمار دەکرێن.

٦-ئەگەر زانکۆ بە پێویستی زانی کە چاپێکی نوێ بێ گۆڕانکاری بۆ کتێبەکە بکرێت، تا ٢٥٪ پاداشتی دانان یان وەرگێران بە دانەران یان وەرگێران بدرێت.



زانکۆی ڕاپەڕین
سەنتەری توێژینەوەی زانستی

ب: بەشداریکردن لە کۆنفڕانسی زانستی بە توێژینەوە:

١-بەشداریکردن لە کۆنفڕانسی زانستی جیهانی لە دەرەوەی عێراق:

هەر مامۆستایەك ساڵی یەك جار هەلی شاندکردنی دەبێت بۆ بەشداریکردن لە کۆنفڕانسە جیهانییەکان، خەرجکردنی پارە بەم شێوەیە دەبێت:

آ-پارەی بلیتی فرۆکە:

-وڵاتانی دەوروبەر: تا ٣٠٠ دۆلار.

-وڵاتانی ئەوروپا: تا ٥٠٠ دۆلار.

-ئەمریکا و ئوستراڵیا: تا ٧٠٠ دۆلار.

ب- پارەی تۆمارکردن یان بەشداربوون لە کۆنفڕانس ئەگەر داواکرابوو، بەپێی پسولەی کۆنفڕانس خەرج دەکرێت.

ج-کرێی هۆتێل: ڕۆژی ١٠٠ دۆلار.

شاندکردن بۆماوەی ڕۆژانی کۆنفڕانس دەبێت لەگەڵ ڕۆژانی سەفەر.

د-تەنها ١٠٪ ژمارەی گشتی مامۆستایانی زانکۆ ساڵانە سودمەند بن لەم هاندانە.

٢-بەشداری کۆنفڕانسی زانستی لە هەرێم و عێراق بە توێژینەوەی زانستی.

آ-خەرجکردنی بڕی ٢٠٠ هەزار دینار.

ب-خەرجکردنی پارەی مانەوە. لە هۆتێل (٤ ئەستێرە بەرەوخوار) بۆماوەی ٢ شەو.

ج-خەرجکردنی پارەی بەشداربوون لە کۆنفڕانس ئەگەر داواکرابوو بەپێی پسولەی کۆنفڕانس.

زانکۆی ڕاپەڕین
سەنتەری توێژینەوەی زانستی

٣-بۆ بەشداریکردن لە کۆنفراسی نێودەوڵەتی یان هەرێمی یان عێراقی، مەرجە توێژینەوەکە لە گۆڤارێکدا بڵاو بکرێتەوە کە (DoI) هەبێت یان لە لیستی (Thomson Reuter) یان (Scopus) یان لە (Proceeding) ی کۆنفرانسێکدا بڵاوبکرێتەوە کە (Indexing) کرابێت لە (Thomson Reuter) یان (Scopus)، وە بڕی پارەی دیاریکراو خەرج ناکرێت تا توێژینەوەکە ڕەزامەندی بڵاوکردنەوەی وەرنەگرێت.

٤-پێویستە توێژینەوە بڵاوکراوەکان بەناوی زانکۆی ڕاپەڕینەوە بن.

٥-بڕی پارەی دیاریکراو تەنها بۆ یەك کەس خەرج دەکرێت کە بەشدار دەبێت لە کۆنفرانس، بڕی پارە زیاد ناکرێت کاتێك ژمارەی توێژەر لە کەسێك زیاتر بوو.

٦-بڕی پارەی تایبەت بە بەشداری کۆنفرانس کاتێك خەرج دەکرێت کە بسەلمێنرێت توێژینەوەکە بڵاو دەکرێتەوە.

٧-سەرجەم توێژەران کە بەشداری دەکەن بە توێژینەوە لە کۆنفرانس سوپاس و پێزانینیان ئاراستە دەکرێت، بەهەمان شێوەی ئەوانەی کە توێژینەوەکان لەو جۆرە گۆڤارانە بڵاوکراونەتەوە کە لە خاڵی ٣ دیاری کراون.

٨-بەڕێوەبەرایەتی گشتی سەنتەری توێژینەوە وردبینی لەلایەنی زانستی و ئەکادیمی ئەو توێژینەوە و کۆنفرانسانە دەگرێتە ئەستۆ کە لەم ڕێنماییە ئاماژەی بۆکراوە بە فەرمانی زانکۆیی بڕی پارە خەرج دەکرێت.

٩-ئەم ڕێنماییانە مامۆستای دامەزراو بەگرێبەست دەگرێتەوە.

١٠-جێبەجێ کردنی خەرجکردنی ئەم تێچوانە و ڕێنماییە پەیوەستە بە هەبوونی داهاتی زانکۆ.

د. بەهزاد وسو حمد

ب.گ. سەنتەری توێژینەوەی زانستی

زانکۆی ڕاپەڕین
سەنتەری توێژینەوەی زانستی

٢٠١٧/٣/١٢